# پێویستی هەنووکەیی لاو (شۆڕشێکی گەنجانەیە)

ن/ عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی

بێگومان ژیان بۆ خۆی پڕە لەکێشە و ململانێ، ئیدی ئەوە سروشتی ژیانە، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەمیشە لەبیرکردنەوەیەکی راست و دروستدا ببین، بۆ ئەوەی رێگە بدۆزینەوە بۆ چۆنێتی چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگییانەی کە رووبەڕومان دەبنەوە، ئەمە بۆ ئەوەی ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئەو کۆسپانە بدۆزێتەوە کە لەژیانی رۆژانەدا رووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەمەش بۆ سەرجەم چڤاك وایە، لێ لاو دەبێت تەدبیری تایبەتی هەبێت بۆ ئەو پرسگرییانەی کە دێنە بەردەمی، چونکە لاو بە بوونەوەرێکی جودا لە چین و توێژەکانی دیکە دەژمێردرێت، لەبەر ئەوەی ئەو مەبەستم لەگەنجە ئەرکێکی زۆر قورسی لە سەر شاندایە، ئەم ئاخاوتنەش بۆ ئەوانە نییە کە تەنها خەمی خۆیان دەخۆن هەقیان بەسەر هیچ شتێکی ترەوە نییە، وڵات و نیشتمان و خاك و... هتد چی بەسەر بێ گوێی لێی نییە، قسەکانم بۆ ئەو کەسانەیە کە بەڕاستی هەست بە بەرپرسیارێتی مێژووی دەکەن، لێرەوە دەبێت بەبیرێکی کراوە و چاك بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانیین هەر هیچ نەبێت شتێك لەدۆخەکە بگۆڕین لایەنە نێگەتیف و پۆزەتیفەکان بناسین و خوێندنەوەیەکی تەواویشمان هەبێت لەسەر کۆمەڵگە و سیاسەت و دەسەڵاتیش بە باشی بناسین، چونکە بۆ رێگە چارەیەکان ئەوانەی کە ئاماژەم پێدا زۆر گرنگن. لەبەر ئەوەی تا لەو رەوشانە نەزانیت ناتوانیت هیچ هەنگاوێك بەروە پێشەوە بنێت گەر بتەوێ هەنگاویش بنێی بە بێ پاشخانێکی زانستی، ئەوە سوور بزانە سەرکەوتوو نابیت. نمونەی ئەمەش زۆرە زۆر کەسایەتی دەرکەوتووە یان هەنووکەش زۆری تر هەن دەیانەوێت کارێکی بەو شێوەیە بکەن، بەڵام لەبەر ئەو هۆیانە ناتوانن هەنگاوی مەزن بنێن بۆ گۆڕان و گۆڕانکاری ریشەی لەوانەیە ئەو هەوڵانە هەندێ کاریگەری خۆیشی هەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی پێویست نابێت کە ئومێدی گەورەی تێدا بەدی بکرێت.

نامەوێ لەم باسەدا باس لە رەوشی لاوانی وڵاتانی تر بکەم، چونکە یەك: بۆ خۆم لەو وڵاتانە ژیانم نەکردووە. دوو: حەز دەکەم زیاتر قوڵبوونەوەم لەسەر رەوشی ئێستای گەنجی کورد بێ، بەراستی رەوشی ئێستای لاوان بۆ خۆم زۆر بە مەترسیداری دەبینم، لەبەر ئەوەی لەناو گێژاوێکدا دەژین دەرکردنیان لەو گێژاوە کات و زەمانی زۆر دەوێت. کێشەی سەرەکیشمان ئەوەیە کەسانێکی وا نییە بیر لەچارەسەری باش بکەنەوە بۆ ئەوەی لاو لەو گێژاوە دەربکەن. ئەگەر وورد بینەوە  زیاتر لە(عومقی) مەسەلەکان تێدەگەین و کۆمەڵێ شتی تری شاراوەش هەیە کە پەردەی بەسەردا دراوە، راستە دەسەڵاتێکی وا بوونی هەیە کە تا دوا رادە باوەڕی بە هێزی لاو نییە، ئەم تایبەتمەندییەش نەك تەنها لەکوردستاندا، بەڵکو لەرۆژهەڵاتی ناوڕاستدا بەگشتی وایە، ئەوڕۆکە دەسەڵاتی کوردی دەیەوێت خۆی واپیشان بدات کە ئەوان باوەڕی تەواویان بە ئازادییەکانی ژن هەیە و دەیانەوێ لاویش رۆڵی هەبێ، ئەم تاقیکردنەوەشمان بۆ دەرکەوت بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایدا هەندێ بەرپرسیاریاندا بە لاو ، بەڵام لەشتێکی رووکەش زیاتر هیچی دی نەبوو. ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەی زیاترە. لەراستیدا کێشەگەلێك هەن. یەکێك لەکێشە هەرە گەورەکانی لاوانی ئەمڕۆ مەسەلەی غەریزەیە. زۆر بەتاسەوەیە بۆ ئەوەی هەرچونێك بێت غەریزەی جنسی خۆی تێر بکات ئیدی بە چ شێوازێك بێت. ئەم بیرکردنەوە شتێکی حاشا هەڵنەگرە گەر زۆر بیرت لەو کردەوانە کردەوە تووشی لەبیرچوونەوە (فقدان زاکیرەت) دەکات و ناتوانی بیر بکەیتەوە ، چونکە گەنج سروشتی وایە لەرووی جنسیەوە زۆر بەحەماسە. بۆیە ئەمە گرفتێکە گەر گفتوگۆ و نیقاشی لەسەر نەکەین ناتوانین ئەو گەنجانە (ئیقناع) بکەین کە ئەوەندە بیر لەو جۆرە کارانە نەکەنەوە. ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی ناتوانێ بخوێنێتەوە گەر شتێکیش بخوێنێتەوە زوو لەبیرت دەچێت و نەخوازەڵڵا بڵێن فەرموو ئەی لاو تۆ دەبێ لەفیزیکدا لاو بیت و لەهەڵس و کەوتدا لاو بیت و لەبیرکردنەوەشدا لاو بیت، دەی وەرە نەك کۆمەڵگاکەت خێزانەکەت لەرووی هزرییەوە پێشبخە و پەروەردەیان بکە، بێشك ئەو جارێ خۆی پەروەردەیەکی باش نەکردووە لەسەر تەوەرە هزرییەکان ئینجا خێزان و دەوروبەری!. ئەم خەتایەش تەنها ناکەوێتە سەر لاوان، خەتاکە هی ئەو کۆمەڵگا سەقەتەیە. ئەمانەی بەرهەم هێناوە و کاریگەری راستەوخۆی هەیە، بەڵام ئەمەش ناکرێ ئێمە هەر بڵێین کۆمەڵگاکەمان کۆمەڵگایەکی سەقەتە بە ئێمە چاك نابێت ئەم بیرکردنەوەش بیرکردنەوەیەکی

راست نییه، بەڵكو دەبێت بە رۆح و مۆڕاڵێكی بەرزەوە ئارەزووت هەبێت لەسەر كارێكی وا و قوڵبوونەوتیش هەبێت، دواتر خەباتی لەسەر بكەیت، ئەم كارەش بە هەموو كەسێك ناكرێت. بەو كەسانە دەكرێت كە باوەڕی تەواویان بە خۆیان هەیە و هەمیشە بە ئومێدن و خەبات دەكەن بۆ رۆژێكی گەش. ئەو جۆرە كەسانە دەتوانن پێشەنگایەتی بكەن و ببن بە نمونە بۆ گەنجەكانی تر. هەروەها ئەم كارە بە خەمخۆرانی لاوان دەكرێت. ئەوان دەتوانن شتێك لەدۆخەكە بگۆڕن و ببنە هۆی وەگەڕخستنی چەندین و چەندەها مێشكی گرتی و (جامد).

نەبوونی و بێ كاریش یەكێكی ترە لەنەهامەتییەكانی لاوان ، ئەمەش كاریگەریی خۆی هەیە و لەم وەزعەی كە ئێستا تییدا دەژین، دیسانەوە لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر دەسەڵات، لەبەر ئەوەی دەسەڵات دەبێت ئەم كێشەیە چارەسەر بكات تا ئێستاش وەكو دەزانین زۆر گەنج هەیە بێ كارە. كاتێكیش گەنج بێ كار بێت بێگومان شتێكی باش نییە، چونكە بێ كاری گەنج رەشبین دەكا و بێ ئومێدیش دەبێت، بەدڵنیایەوە گەنج گەلێكیش هەن لەرووی گوزەرانی ژیانەوە كەم كورپیان نییە، بەڵام لەرووی هزریەوە دەبینین زۆر هەژارن، بۆیە بەر لەهەموو پێویستیەك دەبێت ئێمە بیر لەو لایەنە بكەینەوە كە چییەتی لاوێتیمان دەپارێزێت ئەویش لایەنە هزرییەكەیە.

خاڵێكی تر دەمەوێت باسی بكەم و یەكێكی ترە لەكێشەكانی گەنجان ئەویش لەرووی زانست و زانیارییەوە زۆر لاوازن. ئەمەش بۆ خۆی گەر لێكی بدەینەوە كێشەكان لێرەوە سەرچاوە دەگرن، چونكە بەبیركردنەوەی باش دەتوانی پرسگرییەكان بە چارەیەك بگەیەنیت، لێ گەر لەرووی زانستیەوە پاشخانییەكی مەعریفیت نەبێت ئەوا حەتمەن نەهامەتی لەگەڵ خۆیدا دێنێ بە رای من، چونكە زانست و زانیاری زۆر گرنگن بۆ هەر تاكێك لەتاكەكان. هەر لەو رێگەیەوە دەتوانین خۆمان بێشبخەین و دواتر دەورووبەرمان ئینجا كۆمەڵگاش واتە ئەو كاتە دەبیتە ئینسانێكی (فەعال). لەچڤاكەكەتیشدا سوود بەخش دەبیت.

دیسانەوە سیستەمی سەقەتی پەروەردە یەكێكی ترە لەدواكەوتووی لاوانی ئێمە، وەكو بنێشتە خۆشەی سەر زارمان هەمیشە باس لەگۆڕینی ئەو سیستەمە دەكەین كە هی سەردەمی بەعسە و كۆن بووە و هیچ زانیارییەكی ئەو تۆ نابەخشێتە مرۆڤ، بەڵام دەبینیت هیچ هەوڵدانێكی جددی بۆ ئەو مەبەستە نییە، لەلایەن رێكخراوەكانی سەر بەدەسەڵاتیش كۆنفرانس و كۆنگرە زۆر بستران بۆ گۆڕینی سیستەمی خوێندن، بەڵام سەیر لەوەدایە دەسەڵات بۆ خۆی حەز ناكات و ئەو سیستەمە بگۆڕێت و رێكخراوەكانیشی كۆنفرانس و كۆنگرە بۆ ئەو مەبەستە دەكەن، هەندێ لەرێكخراوە خوێندكارییەكانی سەر بە دەسەڵاتیش باسی لێوە دەكەن، بەڵام من دەڵێم باسنەكردنی ئەوان لەباسكردنی باشترە، چونكە گەشتوونەتە (قەناعەتێك) كە ناتوانن هیچ لەمەسەلەكە بگۆڕن، لێرەدا دیسان ئەم ئەركە پیرۆزە دەكەوێتە سەر شانی لاوە ئازادی خوازەكان ئەمەش گەر بەزۆریش بێت دەبێت هەوڵی گۆڕینی بدرێت. دەبێت زۆر لەدەسەڵات بكرێ كە هەنگاو بنات بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە كۆنانە، ئەم خاڵە زۆر گرنگە و پەیوەندیدارە بە بابەتەكەمەوە، چونكە وەك دەزانرێت ئینسان سەرەتایی دەركەوتنی لە قوتابخانەوەیە و ئاشكرای دەكات كە توانای هزری ئەو مرۆڤە چەندە چی لەبارتاقەیدایە. ئێ باشە ئەگەر سیستەمێكی كۆن بخوێنیت چۆن پێشقەچوون لەگەڵ خۆی دێنی لەمەش خراپتر هەتا ئێستاش دەبینیت منداڵانی كورد لە ناوچەكانی كەركوك و دەوروبەری بەزمانی عەرەبی دەخوێنن و تا ئێستاش جوگرافیای (وتن عەرەبی) دەخوێنن و تاریخی ئیسلامی دەخوێنن و كە هەموو باس لەعەرەب و عەرەبستان دەكات لەكتێبەكانی تریانیشدا هەر وایە، بەندەش یەكێكە لەو كەسانەی كە بە زمانی عەرەبی خوێندوومە بەناچاری، بەڵام توانیم خۆم زوو رزگار بكەم و نەكەوتمە ژێر كاریگەری ئەو سیستەمە كۆنەوە كە تا ئیمڕۆش منداڵانی كوردی لەسەر پەروەردە دەكرێت. هەروەها دەسەڵات دەبێت شتێكی وابكات كە بتوانێ هەر لەسەرەتاییەوە منداڵان بە كچ و كوڕەوە تێكەڵ بكات باشترە، دیارە لەماوەی رابردوودا كەسانی تریش باسیان لەم مەسەلە كردووە، بەڵام من لێرەدا دەمەوێت بە شێوازێكی جودا باس لەم بابەتە بكەم، چونكە گرنگی تێكەڵاوكردنی كوڕ و كچ لەوادایە كە ئیدی مرۆڤ هەست بە جیاوازی ناكات، بەڵام بە حوكمی ئەوەی مەكتەبی تیكەڵاو كەمە یان هەر نییە لەزۆربەی ناوچەكان دەبینیت لەكاتی گەورەبوونیاندا نامۆن بەرامبەر بەیەكتر، لێرەشدا حەزدەكەم نمونەیەكتان بۆ بگێڕمەوە جارێكیان لەجێگایەكدا كوڕ و كچێكم بینی كە پێكەوە دانیشتنە و خەریكی قسەكردن بوون كوڕەكە لەكچەكە زیاتر خراپتر گیانی دەلەرزی

لەکاتی ئاخاوتنی ئاساییاندا. ئەمەو چەندین نمونەی تر هەن بەراستی ئەمەش بۆ خۆی کاریگەری هەیە، بۆیە کچان و کوڕان تا ئێستاش ناتوانن پێکەوە دانیشن و بیرو ڕا بگۆڕنەوە، لەکاتی بیرو را گۆڕینەوەشدا بە رای من لەهەندێ حاڵەتدا پێویستە دوو رەگەزی جیاواز لەسەر هەندێ بابەت دایەلۆگ لەگەڵ یەکتردا بکەن، چونکە هەردووگیان دەبنە تەواوکەری یەکتر، بەڵام بۆ هێنانە دی ئەم باسە پێویستیمان بە شۆڕشێك هەیە لێرەدا پرسیار ئەوەیە باشە کێ ئەو شۆڕشە پەرپا بکات؟ گەر بڵێین دەسەڵات یان ئەو رێکخراوانەی کە سەر بە دەسەڵاتن. ئەوا دڵنیابووینە لەوەی کە شتێکی وا ناکەن. لەوانەیە بتوانن ئەنجامی بدەن، بەس ئەنجام وەرناگرن، چونکە چینێك هەیە هەر حەز دەکات پیاو سالاری حاکم بێت و حەزی لەم دۆخەی ئێستایە، لەوانەیشە لەرووکەشدا خۆی بەدیموکرات و مەدەنی بزانێت، بەڵام لەناوەڕۆك و جەوهەردا وانییە، لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن ئێمە دەتوانین شۆڕشێکی وا بەرپا بکەین، بەڵام گەر ئەو شۆرشە بێ قوڕاڵ بوو ئەوا وەکو هەندێ لەشۆڕشەکانی باشوریان لێ دێ و شکست دێنن، جا بۆ ئەوەی شۆڕشێکی باش بەرپا بێت و ئەنجام وەرگرێ پێویستە ئەم خاڵانەی لای خوارەوە لەبەر چاو بگرین

1/ کۆمەڵێ گەنجی ئازاد و سەربەخۆ خۆیان بەتەواوی تەرخان بکەن. بۆ ئەو مەبەستە و بە کاری ئەساسی بزانن.

2/ نەخشە و پیلان دانان بۆ چۆنیەتی کارکردن و بەرنامەی باش و بەسوودیان بۆ ئەو مەبەستە هەبێت.

3/ پێویستە خۆیان لەقۆڕاڵێکی بە هێزدا ئۆرگانیزە بکەن. بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کارەکانیان، چونکە رێکخستن بۆ کارێکی وا زۆر گرنگە.

4/ تەشەنەکردن بۆ سەرجەم شارو شارۆچکەکان.

5/ بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانیان برژێنە سەر شەقام و مانبگرن تا بەدیهێنانی مافە رەواکانیان.

دەتوانم سەبارەت بەم خاڵانە هەندێ روونکردنەوەی زیاتر بدەم. کاتێك باس لە کۆمەڵێ گەنجی ئازاد و سەربەخۆ دەکەم بۆ ئەوە باسیان دەکەم، چونکە هەر ئەوان دەتوانن کارێکی وا پێشبخەن و بەرێوەی ببەن، لەبەر ئەوەی لاوە حزبییەکان و یان ئەوانەی سەر بە رێکخراوی حیزبین ئەوان حیزبەکانیان رێگەیان پێ نادات تەقلی کارێکی وابن، هەروەها نەخشەو پیلاندانان حەتمەن بۆ کارێکی وا زۆر گرنگ و زەرورە، چونکە گەر بێ پیلان بیت ئەوا هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕیت. شتێکی گرنگتر مەسەلەی رێکخستنە. چونکە وەك دەزانرێت سەرجەم حیزب و رێکخراوێك کاری بنچینەی رێکخستنە گەر بێ رێکخستن بیت ئەوا هیچ لەرەوشکە ناگۆڕدرێت، لێ گەر رێکخستنێکی بە هێزت هەبوو ئەوا بۆ خۆی پرۆژەیەکی بەدەستەوەیە گەورە دەبێت. پێم وابێ کارێکی بەم شێوەیە باشە، راستە هەندێ گرانە، بەڵام ئەمە یەکێکە لەتێکۆشانی دیموکراتی دەبێت هەوڵدان هەبێت. بۆ بەرجەستەکردنی گۆڕان. حەتمەن ئەمەش وەك لەپێشدا باسم لێوە کرد لەوانەیە کاتێکی زۆری بوێت، بەڵام بێ وچان، گەر کۆڵنەدەی زۆر گرنگە، ئەو کاتەش هەست دەکەین هەندێك شت خەریکە لەرەوشکە دەگۆڕین ئینسان بۆ خۆی سەر بڵند دەبێت، چونکە هەست دەکات کە شتێکی کردووە، ئەی تۆ لەکوێ وەکو ئینسانێکی ئاسایی بژیت و حەقت بەسەر هیچەوە نەبێت لەکوێ نەك تەنها لەم کارەدا، بەڵکو لەزۆر کاری تری هاوچەشنی ئەمە و نەتەوەیی تردا بە هەڵوێست بیت و هەمیشە وەکو جەنگاوەرێك ئامادەبیت لەپرسە هەنووکەییەکان، بانگەوازی منیش بۆ ئەو کەسانە ئەوەیە بابێن و بەبێ ترس و دوودڵی کار بۆ شۆڕشێکی پیرۆزی وابکەن بۆ ئەوەی ئیتر ئەو کۆتانە بشکێنین کە لە پێشماندا بوونەتە ئاستەنگی و دەبێتیش ئەو لاوانە ریسوا بکەین کە ژیانێکی کۆڵە مەرگی و هیچ بە ژیانێکی باش دەزانن و خۆیان بە بەرپرسیار نابینن لە بەرامبەر نەك کارێکی وادا، بەڵکو لەبەرامبەر کارێکی بچوکیشدا..!.